کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-10-2007 23:22بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## خواستنەوەی چارەسەرێکی بنبڕ، لە ماڵباتی پشیلە ... هەڤاڵ سەید حەسەن

٢٣ _ ١٠ _ ٢٠٠٧

ماوەیەکە، مناڵەکانم ئارەزووی پشیلەییەکی کوڵکن دەکەن، منیش بەرلەوەی پشیلەیان بۆ پەیاکەم، بەباشمزانی هەندێ زانییاری لەسەر پشیلە مۆدێرن و شارستان و ماڵییەکان بزانم. ئینتەرنێتم کردەوە، لە گوگل نوسیم (فەرخە پشیلە) و بۆی گەرام. ژمارەییەکی فرە زۆر بابەتی تایبەت، بە پشیلەم بەرچاوکەوت دەربارەی جۆرەکانی و پەروەردەو خۆراکوو پاکوخاوێنی... هتد. زانیارییەک کە دووبارە دەبۆوە لە سەر ئەتواری ئەم گیانلەبەرە، ئەوەبوو کەوا پشیلە بە ئەندازەی سەگ گوێڕایەڵ نییە بۆ فەرمانەکانی مرۆڤ، بەڵکو سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێ و هەڵبژاردەکان لەدەست خۆییەتی، واتا بۆخۆی دەستنیشانی ئەوکەسە دەکات کە دەچێتە باوەشی و خۆی لێهەڵدەسوێ، یا هەڵدێ و خۆی بەردەست ناخاو خۆی دەشارێتەوە. ئەوەی کە لە زۆربەک لە



بابەتەکان جەختی لەسەر دەکرا ئەوەبوو (گەر دەتەوێ پشیلەکەت لەسەرخۆو هێوروو ماڵیبێ، لە گەڵ پێراگەیشتنی ئۆرگانی زاوزێییدا، پێویستە بخەسێندرێ، یاخود بوار بۆ جوتبوونییان فەراهەمکرێ، ئەگینا دەبێ چاوەڕوانی شێوازێ لە یاخیبوونی بەردەوام بی لەوانەییە لەنیوەشەوا بمیاوێنێ خاوەنماڵ بێدار کاتەوە، یا میزوو پیسایی لە سەر سەرین و ڕایەخی هۆڵی ماڵەکە بکات، یاخی بوونی پشیلە تا ڕادەی، ڕەووو ڕەودووکەوتن دەڕوات)، واتا تەمەنی بالغ بوون، کە ئێمە لە کوردستاندا پێی دێژین (تەمەنی خۆناسین)، تەمەنێکی ئاڵوگۆڕسازوو گرنگە لە ژیانی هەر بوونەوەرێکدا. هەرلە چێوەی باسی خۆناسیندا، شتێکم بیرکەوتەوە بەر لە 20 ساڵ، دەفتەرۆکەیەکم هەبوو جار جارە هەستوو ڕازەکانی خۆمم تیادا دەنووسی، هەندێ جار نوسینەکانم شێوەی هۆنراوەی دەدا، بەکورتی وەک مزاشی ئاش، تێکەڵێ لە دانەوێڵەی هەستەکانی ئەوسابوو، ڕۆژێک میوانمان هاتبوو باسی شیعرو وێژە هاتبووە گۆڕێ، زۆریان لێکردم کە تاقەدێرێکیشبێ هەردەبێ شتێکییان بۆ بخوێنمەوە لەوانەی کە نوسیومە، منیش چارەم نەماو لەژێر زۆری ئەوان گوتم... کاتێ کە کورد خۆیناسی... هەموو دایانە قاقای پێکەنین و گوتیان زۆر خۆشە، بۆ لە کەییەوە شەیتانی پێ پێکەنیوە، یەکی تر گوتی بەخوا کورد تاخی شەیتانی بڕیوە و هیچی بۆ پێکەنین نەهێشتۆتەوە، ئەی باسی غوسلی بەکۆمەڵت نەکردووە.. ها هاااا... ئەم بیرەوەرییانە زۆر بە چێژوو مانان کە ئەمڕۆ لێیان وردەبمەوە، بەڵام با دەزوی بابەتەکە نەپچڕێ و لە باسی پشیلە دوورنەکەوینەوە، هاودەم لە گەڵ خوێندنەوەی بابەتە تەسەلوو پڕ وێنەو بەسەرهاتەکانی پشیلە، بەرنامەی (زەنگ) سرنجی ڕاکێشام کە باسێکی گەرمی لەسەر کێشەی مۆبایل و کێشەی گەنج ورووژاندبوو، دیارە بەرنامەکە سەرکەوتووبوو لە خستنەڕووی ڕاستییە تاڵەکان، لە ڕەوتی بەرنامەکەدا، کاتێ کە یەکێ لە گەنجە ڕاگیراوەکانی لای پۆلیس، لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دەگریاو دەپاڕاوەو پاکانەی لەخۆی دەکرد، بەڕوونی دیاربوو کە لاوان، چەند داماون، چەند تۆقیون لە ترس و هەڕەشەیی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردەنامووسە. کۆمەڵگەییەکی چەند بێبەزەیی و نالێبوردەمان هەییە بەرامبەر بە گەنجان. کێشەو ئاریشەکانی گەنجان لەوڵاتی ئێمە، هەمیشە بەشێوەییەکی دراماتیکی پۆلیسی، بە سکاندالی ئەخلاقی، کوشتوبڕ یەکلادەکرێتەوە، گەنجان لەکەشێکی ئالودەو پڕلە نیگەرانیی دا دەژین، بۆییە ئەمڕۆ خەراپ بەکارهێنانی (مۆبایل، تێڤیێ، کۆمپیوتەر، ئۆتۆمبیل)، یا گرتنەبەری ڕێگەی هەندەران، لەنێوییاندا ڕەواجی هەیە. بەهۆی بێباکی و پشتگوێخستنی پرسی لاوان لەلایەن دەزگا بەرپرسەکانی کوردستان و خودی خانەوادەی کورد. لەم نێوەدا گەنج بەرەواژبۆتەوە بۆ بونەوەرێکی بێ ئیرادەو بزرو زەبوون کە شتێکی زۆر کەمی لەسەر زانراوە، بەبەراورد لەگەڵ ئەو گوتاروو لێکۆڵینەوە، فرە سرنجڕاکێش و زۆرەی لەسەر ژییانی پشیلەکانی سوید هەییە. بەهەر حاڵ، بەحوکمی ئەو زۆرییە دەکرێ هەندێ پەندوو چارەسەر لە مالباتی پشیلەو کتکان وەرگرین، تا خوداو ڕاستان، ڕۆژێ بێ، دەنگی لاو بیستراوتربێ، سەراسەری کۆمەڵگە ڕێز بۆ حەزوو خولیاو ویستەکانییان دابنێ و سەرچاوە دروستەکانی زانینیش لەسەریان فرەتربێ. بە کورتی و بەکوردی، بە گوێرەی باری ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و شێوازە نەریتە باوەکانی ئەمڕۆی نێو ماڵی کورد، دەکرێ بێژین، خەساندنی کوڕان بەدەستوری گوربە نەرە، باشترین ڕێگەچارەییە بۆ پاراستنی هزری باوی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو لە سەردەمێکی پێشکەوتوودا، خەساندنی لاوان، کێشەیەکی گەورە بنبڕدەکات و کۆتایی بە تەنگەژەی عشقی لاوان دێنێ، لەسردەمی مۆبایل و ئینتەرنێت و سەتەلایتدا، پۆلیس و دادگاو خانەوادە موتەعەسیبەکانیش چیتر دەموو دەستوو دەرونیی شەڕەفمەندانەییان، ماندوو نابێ و لەدەستییان دەحەسێنەوە، ئەوسا دەکرێ بەئاسودەیی بەبێ ڕوودانی هیچ ئاریشێک، کچو کوڕ لەبوارەکانی خوێندن و کاردا تێکەڵ بەیەککرێن، کەسێکی یاخی و هەڵگەڕاوە لە نەریتە کۆنەکان نامێنێ، هەروەک چۆن مەڕ مل بۆ گیا شۆڕدەکات ئەوانیش بەهەمان شێوە، بەخەساوی بۆ دەسەڵاتە نەریتییەکان دێنە ژێربار، ئەوسا بۆ دەرمانیش گەنجێک چنگ ناکەوێ یساو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان پێشێل کات، یا بیر لە ڕاکردن بکاتەوە بۆ هەندەران.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.